# یاسای وەستاندنی کار بە یاسای ژمارە «٢»ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٢**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٨**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٩/٩/١٩یدا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

## یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٨ (یاسای دووەم هەموارکردنی بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣) هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

أ ـ هەموو ئەو شەقامانەی دەکەونە ناو سنووری شارەوانییەوەو بۆ بەکارهێنانی سوودی کشتی جێ هێشتراون و لە کاتی بەرقەراربوونی ئەم یاسایەدا هەبوون، یان ئەوەی دوای ئەوە دێنە کایەوە بەگوێرەی یاسا پەیڕەو کراوەکان بەبێ قەرەبوو بەناوی شارەوانییەوە تۆمار دەکرێن، ئەگەر رووبەر (مساحە)ی ئەو زەوییەی شەقامەکەی لەسەر کراوە لە تۆمارەکانی فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە «التسجیل العقاری» بەناوی کەسێکی سروشتییەوە تۆمار نەکرابێ.

ب ـ هەموو ئەو بڕیارو ئیجرائاتانەی کە دەرچوون و ئەنجام دراون لە دوای ١٩٩٨/٤/٥ هەڵدەوەشێندرێنەوە بەپێچەوانەی ئەوەی لە بڕگە (أ)ی سەرەوەدا هاتووە.

**ماددەی دووەم:**

لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاودەکرێتەوە.

## جوهر نامق سالم
### سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

هۆیە پێویستەکان

مەبەستی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە یاساکاری کردنی برگە (١)ی ماددە پەنجاو پێنجی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ (یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق)ی وەرکیراو لە ماددە (٩٧)ی یاسای بەڕێوەبردنی ژمارە (١٦٥)ی ساڵی ١٩٦٤ی عێراقی و برگە (١) لە ماددە یەکی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٨ (یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣) ئەوەی پەیوەندیدارە بە زاراوەی (زەوی تەرک کراو بۆ سوودی کشتی) هەمان چەمک (مفهوم)ە کە لە ماددە (٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرەی ژمارە ٤٣ی ساڵی ١٩٧١دا هاتووە دەربارەی زەوییە تەرک کراوەکان.
پەرلەمان مەبەستی یان ئامانجی ئەوە نەبووە کە شارەوانییەکانی هەرێم دەست بەسەر ئەو ڕووبەرە زەویانەدا بگرن کە کراون بە شەقام و بەناوی هاووڵاتییانەوە تۆمارکراون و بەبێ قەرەبوو بەناوی خۆیەوە تۆماریان بکا، یان لە قەرەبووکردنەوەیان بە کاش یان بە عەینی بێ بەریان بکەن بەپێی یاسا بەرقەرارەکان.
دەرچوونێ هەندێ حوکمی دادکایی لە هەندێ لە دادکاکانی هەرێمدا سەبارەت بەم بابەتە، نیشانەی ئەوەیە دەقەکە بە پێچەوانەی مەبەستی یاسادانەر (المشرع) لێک دراوەتەوە، کە بۆتە هۆی بواردانی دەست بەسەر داگرتنی زەوی هاووڵاتیان بەبێ قەرەبوو.
لەبەر ئەوەی ئەم ڕێڕەوە نە لەلایەن یاسا دانەرانەوە لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقدا و نە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بە ئانقەست نەبووەو لەگەڵ پرنسیپی دادوەری و بنەماکانی دەستووری و سیستەمەکانی دیموکراسیدا ناکونجێ بۆیە ئەم یاسایە دەرهێندرا بۆ ئەوەی مافەکان بگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانیان و حوکمی ئەو دەقەی کە مەبەستە پتر ڕوون بێ بۆ هێنانەدی دادوەری و دەرکا داخستن لە ڕووی ئیجتیهادکردن.